June 2025 · Hezîran 2025 · Haziran 2025
Kurdiyat
Yıl/Sal/Year: 2025
Sayı/Hejmar/Issue:11
e-ISSN: 2717-8315

# محەمەد زاهیر گولعەنبەری (1922-1869): سەربوردەی موفتییەکی هەڵەبجەیی لە ئەرشیفی عوسمانیدا

Hemin Omar AHMAD

## Muhammed Zahir Gulanberi (1869-1922): The Career of a Halabjani Mufti in the Ottoman Archives

## Osmanlı Arşivlerinde Helebçeli Bir Müftünün Hayatı: Muhammed Zahir Gülanberi (1869-1922)

**Hemin Omar AHMAD**
ORCID: 0000-0003-1985-9512| heminahmad40@gmail.com
Prof. Dr., Department of Kurdish Language and Culture, Salahaddin University, KRG-Iraq.

**Citation/Jêgir/Atıf:**
Ahmad, H. O. (2025). Mihemed Zahîr Gul'enberî (1869-1922): Serburdey muftîyekî Hellebceyî le erşîfî 'Usmanî da. *Kurdiyat* (11), 67- 82. DOI: 10.55118/kurdiyat.1689389

**Article Types/Cureyê Gotarê/Makale Türü:**
Biography Article/Gotara Jînenîgarî/Biyografi Makalesi
Received/Dema Hatinê/Geliş Tarihi: 02.05.2025
Accepted/Dema Pejirandinê/Kabul Tarihi: 22.06.2026
Publication Date/Dema Weşandinê/Yayın Tarihi: 30.06.2025

**Peer-Review/Hekemtî/Hakemlik:**
Double anonymized-Two External/ Cot Nenas-Du ji derve/
Çift Taraflı Kör Hakemlik-İki hakem

**Plagiarism Checks/Kontrola Întihalê/Benzerlik Kontrolü:**
This article has been scanned by iThenticate plagiarism website./
Ev gotar di malpera întîhalê ya iThenticate ra hatiye derbaskirin./
Bu makale iThenticate adlı intihal sitesinde taranmıştır.

**Ethical Statement/Beyana Etîk/Etik Beyanı:**
It is declared that scientific and ethical principles have been followed while carrying out and writing this study and that all the sources used have been properly cited./ Hatîye beyankirin ku di pêkanîn û nivîsîna vê xebatê de hemû rêzikên zanistî û etîk hatine şopandin û hemû çavkanî bi awayekî têkûz hatine referanskirin./ Bu çalışma yapılırken ve yazılırken bilimsel ve etik ilkelere uyulduğu ve kullanılan tüm kaynaklara uygun şekilde atıfta bulunulduğu beyan edilir.

**Conflicts of Interest/Nakokiyên Berjewendiyan/Çıkar Çatışması:**
There is no conflict of interest between the author and any parties in the article./ Di gotarê de li navbera nivîskar û ti alîyên din nakokîya berjewendîyê tune ye./ Yazar ile makalede yer alan taraflar arasında herhangi bir çıkar çatışması bulunmamaktadır.

**Grant Support/Alîkarîya Darayî/Maddi Destek:**
The authors acknowledge that they received no external funding in support of this research./ Nivîskar beyan dike ku wan wî ji bo vê vekolînê ti fonên derveyî wernegirtine./ Yazarlar, bu araştırmayı desteklemek için herhangi bir dış fon almadıklarını kabul etmektedirler.

**Copyright & License/Mafê Telîfê & Destûr/Telif Hakkı & Lisanslama:**
Authors publishing in the journal retain the copyright to their work licensed under the CC BY-NC 4.0./ Nivîskar li jer lîsansa CC BY-NC 4.0 mafê xwe yê li ser xebata xwe diparêzin./ Dergide yayın yapan yazarlar, CC BY-NC 4.0 kapsamında lisanslanan çalışmalarının telif haklarını saklı tutarlar.

پوختە

زۆر زانای کورد، ئەو دەمەی لە وڵاتی خۆیان چوونەتەدەر، لەبەر شارەزایی و پڕ زانستییان لە هەر شوێنێک ژیابن، ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبووە و هەوڵ و کۆششەکانیان لەنێو لاپەڕەکانی مێژووی ئەو ناوچەیەدا تۆمارکراون. یەکێک لەو زانایانە بە ناوی (محەمەد زاهیر گولعەنبەری) کە زۆربەی ژیانی لە دەرەوەی وڵاتی خۆی بەسەر بردووە، بەڵام ڕۆڵ و کاریگەرییەکەی دیار و بەرچاوە و لە ڕۆمی ئەوسا (خاکی بن دەستی عوسمانی) و لە چەند شارێکی مسوڵماننشیندا وەک موفتی دەوری خۆی بینیوە. لەنێو بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا و ئەرشیفخانەی مەشیخەتدا وێڕای ئەوەی دەیان بەڵگەنامە لەبارەی ژیان و چالاکییەکانی لەناو دۆسیەیەکی تایبەتدا هەن، لە هەمان کاتدا بەڵگەنامەی تر دەربارەی ژیانی هەن و بە هەموویان دەکرێ زۆر لایەنی ژیانی ئەو زانا گەورەیە ڕووناک بکەنەوە. ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر بەشێک لە بەرهەمەکانی ناوبراو، کە ئەگەر چی ئەم بەرهەمانە دەستناکەون، بەڵام دۆزینەوەی ناوی بەرهەمەکان دەچێتە ڕیزی ناوی بەرهەمی ئەو زانایانەی کە کتێبەکانیان ون بوونە. گرنگیی ئەم بابەتە لەوەدایە کە وێڕای ئەوەی بۆ یەکەم جار تیشک دەخاتە سەر ژیانی زانایەکی هەڵەبجەیی، لە هەمان کاتدا گرنگە کە زانایەک لە غەریبیدا ئەو ڕۆڵە گەورەیە لە شارە گەورەکانی ئەوسای عوسمانیدا بگێڕێ، بەتایبەت لە سەردەمێکی هەستیاری کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە دەبێتە بەشێک لە مێژووی موفتییەکانی عوسمانی و مێژووی کەسایەتییە کوردەکان لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا.

**وشەی کلیلی**: هەڵەبجە، ڕۆم، زانای کورد، موفتی، ئەرشیفی عوسمانی.

**Abstract**

Many Kurdish scholars, when they left their homeland, played significant roles and had influence wherever they lived due to their expertise and scholarly knowledge, and their efforts and endeavors have been recorded in the pages of history of those regions. One of these scholars was Muhammed Zahir Gulanberi, who spent most of his life outside his homeland, yet his role and influence were clear and evident. He served as a mufti in Rom of that time (Ottoman territory) and in several Muslim cities. In the Ottoman documents and the Meshihat archives, besides dozens of documents about his life and activities contained in a special file, there are also other documents about his life, and through all of them, many aspects of this great scholar's life can be illuminated. This research sheds light on some of the works of the aforementioned person. Although these works are not available, the discovery of the names of the works falls into the category of works by scholars whose books have been lost. The importance of this topic lies in the fact that, in addition to shedding light on the life of a Halabja scholar for the first time, it is also significant that a scholar in exile played such a great role in the major cities of the Ottoman Empire, especially during a sensitive period at the end of Ottoman rule. Moreover, this becomes part of the history of Ottoman muftis and the history of Kurdish personalities within the Ottoman State.
**Keywords**: Halabja, Rom, Turkistan, Kurdish scholars, mufti, Ottoman archives.



**Özet**

Birçok Kürt âlimi, kendi ülkelerinden ayrıldıktan sonra, bilgi ve ilmi yetkinlikleri sayesinde yaşadıkları her yerde rol ve etki sahibi olmuş, çaba ve gayretleri o bölgenin tarih sayfalarında kayıt altına alınmıştır. Bu âlimlerden biri de Muhammed Zahir Gülanberi adında olup, hayatının çoğunu kendi ülkesi dışında geçirmiş, ancak rolü ve etkisi açık ve belirgindir. O dönemin Osmanlı topraklarında ve birçok Müslüman şehrinde müftü olarak görev yapmıştır. Osmanlı belgelerinde ve meşihat arşivinde, hayatı ve faaliyetleri hakkında özel bir dosyada onlarca belge bulunmasının yanı sıra, aynı zamanda hayatı hakkında başka belgeler de mevcuttur ve bunların tümüyle bu büyük âlimin hayatının birçok yönü aydınlatılabilir. Bu araştırma, adı geçen kişinin eserlerinin bir kısmına ışık tutmaktadır. Bu eserler her ne kadar elimizde bulunmasa da, eser isimlerinin tespit edilmesi, kitapları kaybolmuş olan âlimlerin eser isimleri sıralamasına girmektedir. Bu konunun önemi, ilk kez Halepçeli bir âlimin hayatına ışık tutmasının yanı sıra, aynı zamanda bir âlimin gurbette, özellikle Osmanlı iktidarının son dönemlerinin hassas zamanlarında, Osmanlı'nın büyük şehirlerinde bu büyük rolü oynamasının önemli olmasındandır. Bununla birlikte bu çalışma, Osmanlı müftüleri tarihinin ve Osmanlı devleti içindeki Kürt şahsiyetlerin tarihinin bir parçası olmaktadır.
**Keywords**: Halepçe, Rûm, Türkistan, Kürt âlimi, müftü, Osmanlı arşivi.

## پێشەکی

نووسینەوەی مێژووی زانایان، بۆ خۆی بوارێکی تایبەتی گرتووە. ئەگەر پێشتر لە چوارچێوەی کتێبی تایبەتی مێژووی زانایان، قافلەی زانایان، موعجەمی عولەما...هتد و ناوی جیا جیا بوون و تەنیا بە کورتی باس لە کورتەی ژیان و ناوی بەرهەمەکانیان دەکرا، ئەوا ئەمڕۆ لە چوارچێوەی توێژینەوەی زانستیی و لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامە و دەستخەتەکانەوە هەوڵ دەدرێ تیشک بخرێتە سەر ژیان و بەرهەمی ئەو زانایانەی کە لە سەردەمێکدا ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەبووە.  نووسینەوەی مێژووی زانایانی کورد وەک بەشێک لە مێژووی زانایانی ناوچەکە و جیهانی ئیسلامی، زۆر نوێیە و تەمەنی لە 150 ساڵ زیاتر تێناپەڕێت. شاعیرانی کورد لە کۆنەوە بەشێک بوون لە زانایان و هەندێکیان زانای دیاری سەردەمی خۆیان بوون، بۆیە هەوڵدان بۆ نووسینەوەی مێژووی شاعیرانی کلاسیکیش هەر دەچێتە چوارچێوەی نووسینەوەی مێژووی زانایانەوە. لە نموونەی ئەم کارانە:  کتێبی شاعیر و موسەننیفێ د کوردستانێ" هی مەلا مەحموودی بایەزیدی کە ئەلیکساندار ژابا لە ساڵی 1860 چاپی کردووە، هەروەها دواتر ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد-ی ئەمین فەیزی (فەیزی، 1920) کە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لە ئەستەنبوڵ چاپ کراوە، تێیدا هەردوو کتێبەکە باس لە ژیان و بەرهەمی چەند شاعیرێک دەکات، کە ئەم شاعیرانە وێڕای شاعیربوونیان وەک زانایەکیش لەناو کوردان ناسراون. دوای ئەمە محەمەد ئەمین زەکی بەگ لە کتێبی (تەئریخی سلێمانی و وەڵاتی) دا (زەکی، 1939) دا باسی ژیاننامەی نزیکەی سەد کەس لە زانا، شاعیر و کەسایەتییەکانی کورد دەکات و بەشێک لە سەرچاوەکانیشی سجیلی ئەحوالی عوسمانییە. لە دوای ئەوەدا چەندین کتێبی تر لەبارەی ژیاننامەی زانا و کەسایەتییەکانی کورد لە بەرگێک و چەند بەرگێکدا چاپ کراون.



### 1-ئەرشیفی عوسمانی و زانایانی کورد

یەکێک لە سەرچاوە هەرە گرنگەکان بۆ نووسینەوەی مێژووی زانایانی ئیسلام بەگشتی و زانایانی کورد بە تایبەتی، بەتایبەتیتر زانایانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، بریتییە لە ئەرشیفی عوسمانی. لە نێو ئەرشیفی عوسمانیشدا سجیلی ئەحوال کە تۆماری فەرمانبەرانی دەوڵەتی عوسمانی بووە، زۆر گرنگە، بەوەی بەشێک لەو زانا کوردانە کە فەرمانبەری ڕەسمیی دەوڵەت بوونە، جا چ نائیب، حاکم، موفتی و زانای خاوەن مەدرەسە بوونە، کەم تا زۆر بە گوێرەی چالاکییەکانیان کورتە ژیانیان نووسراوەتەوە.  ئەم سجیلی ئەحوالانە کە بە دەفتەری سیجیللی ئەحوال ناسراون ، گرنگترین سەرچاوەن بۆ نووسینەوەی ژیاننامەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا بۆ بەدواداچوونی قۆناغەکانی گەشەپێدانی سیستەمی کارگێڕیی دەوڵەت هاتە کایەوە. کارەکە لە ساڵی 1879 دەستی پێکرد و دەفتەرەکان لە ژمارە 1 تا 201 پێکهاتوون و کارمەندانی تۆمارکراو لە نێوان ساڵانی 1200- 1310 ی کۆچی واتە (1786-1892)ی تێدایە. دوای سەردەمی مەشرووتییەت لە ساڵی 1909 دا کۆتایی بە سیجیللی عوموومی هات و بۆ هەر کارمەندێک لە دەزگاکەی خۆیدا سیجیللی بۆ دەکرایەوە. (Sarıyıldız, 2009, r. 134)  تا ئێستا ئەمە بۆتە سەرچاوەیەکی زۆر باش بۆ دۆزینەوەی ژیاننامەی کەسایەتییەکانی کورد.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەرشیفی مەشیخەت کە ئێستا وەک کتێبخانەیەکە و لە ئەستەنبوڵە، بەڵگەنامەکانی ئەم دەزگایە لە نۆ بەشی سەرەکیی پێکهاتووە، کە یەکێک لەوانە بەڵگەنامەکانی دەفتەری سیجیللی

ئەحواله، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ هەر کەسایەتییەک لەوانە، چ قازیی، حاکم و موفتیی یان هەر کەسایەتییەکی تری ئایینی کە بە فەرمانگەی مەشیخەتەوە پەیوەستکرابووبێ، ئەوا وەک دۆسیەیەک چی بەڵگەنامە لەبارەی ئەو کەسایەتییەوە هەبووبێ، هەوڵدراوە بخرێتە ناو دۆسیەیەک. (Yıldız, 2021, r. 5) ئەمەیش ئەگەر هەموو بەڵگەنامەکانیش نەبن، بەڵام زۆربەیانە و کارئاسانییەکی زۆرە و پاڵپشتییەکی گەورەی سیجیللی ئەحواله.

ئەگەر چی تا ئێستا تاک و تەرا لێرە و لەوێ بۆ زانایانی کورد سوودێکی کەم لەم ئەرشیفە وەرگیراوە، بەڵام سەبارەت بەم زانایە، بۆ یەکەم جار نووسەری ئەم وتارە ڕێبەرییەکی بۆ زانا و کەسایەتییەکانی ناو ئەرشیفخانەی مەشیخەت ئامادەکرد کە خۆی لە نزیکەی 500 کەسایەتیی دەبینیەوە و ژمارەی لاپەڕە و کۆدی کەسایەتییەکانی تێدا نووسراوە و تێیدا بۆ یەکەم جار باس لەم مەلا محەمەد زاهیرە وەک ناوهێنان، ساڵ و شوێنی لەدایکبوون و شوێنی کارکردنی هێنراوە ( Ahmad, 2021, r. 43). ئەم زانایە لەپاڵ زاناکانی تردا کەرەستەی دەیان و سەدان توێژینەوەن، کە تا ئێستا زۆر بە کەمی کاریان لەسەر کراوە. لە لایەکی تردا لەم وتارەدا هەوڵ دراوە تەنیا پشت بە ئەرشیفی مەشیخەت نەبەستریٔ، بەڵکو ئەرشیفی عوسمانی سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیا، بە پچڕ پچڕی پشتی پێ ببەستریٔ.

## 2-1 هەڵەبجە و ڕۆم

هەڵەبجەی ئێستا و گولعەنبەری پێشتر کە زێدی ئەم زانایەیە، لە چوارچێوەی ویلایەتی موسڵدا، سەنجاقی سلێمانی گرێدراوی ویلایەتەکە بووە و یەکێک لە قەزایەکانی سنجاقی سلێمانیش قەزای گولعەنبەر بووە، کە شاری هەڵەبجە ناوەندەکەی بووە (Ahmad, 2024, r. 66) و سەردەمێکیش ناوەندەکەی خورماڵ-ی ئێستا بووە. ئەم دەڤەرە لە ڕووی زانستییەوە هەر لە کۆنەوە پێگەیەکی گەورەی هەبووە و بەشێک بووە لە شارەزووری کۆن، کە زۆر زانا لە مێژوودا بە پاشناوی شارەزووری ناسراون. لە هەمان کاتدا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا گوندەکانی تەوێڵە و بیارە وەک ناوەندێکی گەورەی زانستی لە ناوچەکە ناسراو بووە و زێد و جێگەی شێخانی نەقشبەندی و بنەماڵەی شێخ عوسمانی سیراجەددین بووە و تەنانەت ئەم مەلا محەمەد زاهیرەیش ماوەیەک لەوێ و لە ناوچەی پێنجوێنی خوێندووە.

70

ڕۆم لە فەرهەنگیی ئەدەبی کوردیی ناوەندا بە مانای تورکیی عوسمانی دێت Arif, 2009, r. 469) و ڕۆمایش لەبەر کاریگەریی قەڵای ڕۆمەکان لە ئەستەنبوڵ، لەناو زەینی کوردیدا هەموو تورکستانێک ڕۆما و هەموو ڕۆمایەک تورکستانە.

فەقێ تەیران دەڵێ:

بوویە هەوار هەوارە/ قەت ڕۆم نەبوو دیارە

خەبەر نەهات ژ ڕۆمێ/ عاجزبوونە ژ دۆمێ (Dêreşî û Alîcan, 2005, r. 44)

نالی (1800-1877) دەڵێ:

حوکمی قانوونی سەفا ڕۆیی لە ڕەومی ڕوومەدا

تا هووەیدا بوو لە ڕۆما گەردی ئاشووبی عەجەم

یان سالم (1800-1866) دەڵێ:

موریدی خانەقا زۆرن لە عەهدی عەدلی ڕۆمیدا

لە ئاغایانی بێبەش حوجرەها جێی تۆبەکارانن (Arif, 2009, r. 469)

حاجی قادری کۆیی-یش وشەی (ڕۆما) بەتەواوی بۆ ئەستەنبوڵ بەکاردێنێ و دەڵێ:

لە ڕۆما کەوتە بەرچاوم کەسێکی هائیم و حەیران (Mîran û Şareza, 1986, r. 91)

وێڕای ئەمانەی سەرەوە، هەر یەکە لە مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی و حەجیێ جندی و زۆر لە شاعیران و نووسەران وڵاتی ڕۆمیٚ و ڕۆم-یان بۆ تورکستانێ بەکارهێناوە.

جا لەبەر ئەوەی ئەو شوێنانەی کە ئەم زانایە لێی بۆتە موفتی، لە سەلانیکی بگرە تا دەگاتەوە ئەستەنبوڵ، ماوەی هەژدە ساڵ کاری کردووە، لە هەمووشیاندا موفتیی خەڵکی مسوڵمانی تورک بووە، بۆیە وشەیەکی هاوبەش لە (ڕۆم) بترازێ بۆ ئەو هەموو ناوچەیانە نەبوو، کە هەندێکان ئێستا لە بن دەسەڵاتی تورکیادا نین و بەڵکو لە سنووری دەرەوەی کۆماری تورکیادان.

## 2-کورتە ژیانی

### 2-1ناو و زێد و خوێندنی

ناوی محەمەدە و ناسراوە بە زاهیر و باوکی ناوی عەزیز بەگ بووە، لە بەگەکانی جافی نێو هەڵەبجەن و بنەماڵەکەیان بەگی (وەڵەدبەگی)یان پێ دەڵێن. لە ساڵی 1286ی کۆچی بەرامبەر ساڵی 1869ی زایینی لە دەوروبەری هەڵەبجەی سەر بە قەزای گولعەنبەر لەدایک بووە. وەک خۆی لە ژیاننامەی نێو ئەرشیفی مەشیخەتدا نووسیویەتی سەرەتا لە قوتابخانەی نارەسمیی عەشیرەتەکەیدا دەستی بە خوێندن کردووە و قورئانی پیرۆز و هەندێ کتێبی فارسی دەست پێ کردووە. لە ساڵی 1302ی کۆچی/ 1885ی زایینی بۆ خوێندن چۆتە مەدرەسەی گوندی بیارە و دەستی بە کتێبە سەرەتاییەکان کردووە و پاشان دەچێتە ناحیەی پێنجوێن و لای عەللامەی بەناوبانگ مەلا عەبدولرەحمانی گەورەی پێنجوێن دەخوێنێ و پاش ماوەیەک دەچێتە سلێمانی لای مەلا ڕەسوولی واعیز دەخوێنێ و لەوێشەوە دەچێتە کەرکوک لە مەدرەسەی حاجی ئەحمەدبەگ لای مەلا عەلی حاجی وەهابزادە دەخوێنێ و پاشان دەچێتە بەغدا لای زانای ناودار مەلا عەبدولرەحمانی ابن الخیاط دەمێنێتەوە و ئەنجا دەگەڕێتەوە هەڵەبجە و لە مزگەوت و مەدرەسەی پاشا لای شێخ محەمەد قەرەداغی دەمێنێتەوە. دواجاریش دەچێتەوە پێنجوێن و لە خزمەت مەلا عەبدولرەحمانی پێنجوێنی خوێندنی تەواو دەکات و هەر لای ئەویش لە تەمەنی 31 ساڵیدا و لە ساڵی 1317ی کۆچی ئیجازەنامەی زانستی وەردەگرێ (ST.MFT. MSH.SAiD.0179.01).

دوای ئیجازەوەرگرتن، پێنج ساڵ لە کوردستان یان بەغدا دەمێنێتەوە و بە تەواوی نازانرێ مەلایەتی لە کوێ کردووە .بۆیە گومان دەکەین لە بەغدا مابێتەوە، چونکە کە چۆتە ناوچەی یۆنانی ئێستا، لای خەڵک بە بەغدادلی خۆجە، واتە مامۆستای بەغدایی ناسراو بووە، ئەگەر چی بەشێک لەوانەی پاشناویان بەغدایییە، لە بنەڕەتدا کوردن، چونکە ئەوسا بەغدا ویلایەتێکی گەورە بووە و لە بیری خەڵکی

ئەستەنبوڵ و دەوروبەریدا خەڵکی عێراقی ئێستا بەگشتی بە بەغدادی ناسراوبوونە. پاشان مل بە ڕێگاوە دەنێ و دەچێتە (سەلانکی)ی یۆنانی ئێستا–ئەو سەردەمە سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بووە– و لەوێ لە ساڵی 1323ی کۆچی /1905ی زایینیدا لە مەدرەسەی سەرای عەتیق لای مودەڕیسی خوالێخۆشبوو یەعقووب ئەفەندی ئیجازەنامەی زانستی وەردەگرێت. وەک خۆی باسی دەکات، لە دامەزراوە ڕەسمییەکانی ئەو شارەدا داوای ئیجازەنامەی لێدەکەن، ئەویش ئیجازەنامەکەی خۆی کە لە مەلا عەبدولرەحمانی پێنجوێنی وەریگرتبوو، لە ڕێگەی گەشتەکەیدا ونی کردبوو، بۆیە بە ناچاری جارێکی تر دەخوێنێتەوە و لای ئەو زانایەی سەلانکی ئیجازە وەردەگرێتەوە (ST.MFT. MSH.SAİD.0179.02).

هەر لە هەمان ساڵدا و لە مانگی نیساندا لە قەزای ئۆڕتاحەصار و لە مەدرەسەی گوندی ئیستیفیجەدا بە مودەڕیس دادەمەزرێ. لە ساڵی 1326ی کۆچی لە ناحیەی ساری شەعبان و لە گوندی منجونس لەسەر وەسیەتی مودەڕیسی خوالێخۆشبوویان، خەڵکی گوند داوایان کرد و بەو هۆیەوە لەوێ دامەزراوە. لەو مەدرەسانەدا دەرسەکانی، نەحوو، صەرف، ئادابی مونازەرە، حیکمەت و کەلام، ئوسولی فیقهـ بەیان، مەعانی، بەدیع، عەرووز، حیساب، ماتماتیک، تەشریحی ئەفلاک ی گوتۆتەوە. زمانەکانی تورکی، عەرەبی و فارسی بە پلەیەکی زۆرباشی قسەکردن و نووسین زانیوە و لەگەڵیشیدا وەک خۆی نووسیویەتی بە کوردییش قسە دەکات (ST.MFT. MSH.SAİD.0179.01).

## 2-2بەرهەمەکانی

وەک نەریتێک، زانایان لە سیجیللی ئەحوالی فەرمانبەریی خۆیاندا ئەگەر کتێبیان هەبوایە ناوی کتێبەکەیان دەنووسی و ئەگەر نەیانبوایە دەیانووسی هیچ بەرهەمێکی نییە. ئەم زانایە ناوی چوار لە دانراوەکانی خۆی نووسیوە، کە بریتین لە:



1-کتێبێکی لەبارەی مەنتیق وەک تەعلیقات لەسەر کتێبی (برهان گلنبوی)ی هەیە و هەتا بەشی (تصورات) نۆهەد لاپەڕەی نووسیوە و تەواو نەبووە بۆیە چاپ نەکراوە.

2-مجمع الأنهر في شرح ملتقى الأبحر ومعه الدر المنتقى، شەرح کردووە (ئەم کتێبە و کتێبەکەی سەرەوە بە عەرەبینە و چاپ نەکراون).

3-دیوانێک یان کۆمەڵە غەزەلێکی بە فارسی هەیە و چاپ نەکراوە.

4-لەگەڵ چەند ڕیسالەیەکی تر. (ST.MFT. MSH.SAİD.0179.01)

هیچ یەکێک لەم کتێبانە لە ناوەکانیان بترازێ، نەدۆزراونەتەوە.

## 2-3زانیارییەکانی نێو تەسکەرەکەی

تەزکیرەی سەردەمی عوسمانی کە تا ئەم دواییانەیش لەناو کورددا بە (تەسکەرە) ناسرابوو، لە جێی ناسنامەی ئێستابوو و لە بەڵگەنامەکەدا وێنەی تەزکیرەکە دەبینرێ و ئەم زانیارییانەی خوارەوەی تێدا تۆمارکراوە:

**ناو و نازناو**: مەلا محەمەد ئەفەندی

**ناوی باوک**: خوالێخۆشبوو عەزیز بەگ

**ناوی دایک**: خوالێخۆشبوو نەشئەت

**ساڵ و شوێنی لەدایکبوون:** 1284، گوندی قەرەجان[1]ی دەوروبەری هەڵەبجە
**پیشە و خزمەت:** مەدرەسەنشین.
**باری خێزانی:** یەک هاوسەری هەیە.

**شێوەی رووخساری**
**بەژن:** مامناوەند
**ڕەنگی چاو:** زەردی کاڵ
**ڕەنگی پێست:** گەنمی
**تۆماری ناسنامە:** سەلانیک
**ناوی گوند:** ئەحمەد سوباشی
**ژمارەی خانوو:** 122

لەناو بەڵگەنامەکاندا ناوی بە مەلا محەمەد ئەفەندی، محەمەد ظاهیر و محەمەد ظاهیر گولعەنبەری هاتووە (ST.MFT. MSH.SAiD.0179.06).

**2-4نوسخەی ئیجازەنامەکەی**

وەک خۆی ئاماژەی پێدابوو، لە ڕێگای گەشتەکەی بۆ سەلانکی، دەقی ئیجازەنامەکەی مەلا عەبدولرەحمانی پێنجوێنی لێ ون بووە و ناچار جارێکی تر ئیجازەنامەیەکی لە زانایەکی ئەو دەڤەرە بەناوی (یعقوب صدقی بن نعمان بن یوسف البهرام ددەوی اللنقظەوی) وەرگرتووە. لە ئیجازەنامەکەدا هاتووە:

الحمد لله الذی انبت دوحة العلم فی صدور العلماء وجعل ثمارها انوار احکام الشریعة الغراء، اللهم رب الارباب مالک الرقاب، منزل الکتاب، محقق الحق وملهم الصواب الذی احاط بکل شیء علما ونصب من مصنوعاته علی کمال قدرته علما، صل وسلم علی افضل من اوتی الحکمة وفصل الخطاب.....کاتێ ناوی ئیجازەوەرگریشی هێناوە، ئاوا وەسفی کردووە: الاخ الامجد العالم الفطن اللبیب اللوزع الادیب، ذو الطبع السلیم الوقار والذهن القوی النقاد (محمد ظاهر ابن عزیز بگ الجافی الگلعنبری)...

ئیجازەنامەکە درێژە و وەک دەستووری ئیجازەنامەکان نووسراوە، ئەو نموونەیەی هێنامانەوە، تەنیا بۆ ئەوەیە لەنێو دەقەکەدا بە پەسنێکی زۆری وەک: برای سەروەر، زانای لێهاتوو و کارزان و ئەدیب و خاوەن کەسایەتییەکی بەویقار و زەینێکی بەهێز محەمەد زاهیر کوڕی عەزیز بەگی جافی گولعەنبەری، ناوی ئەم زانایەمان هاتووە. وا دیارە ئیجازەنامەکەیش لە 1323ی کۆچی/ 1905ی زایینی لە مەدرەسەی ئەسکی سەرای (کە گەڕەکێکی گەورەی مسوڵمانەکانی سەلانیک بووە) نووسراوە. (ST.MFT. MSH.SAiD.0179.02)

لێرەدا دەتوانین لەسەر ئەو خاڵە بسەنگرێینەوە کە مامۆستای ناوبراو بۆتە جێی سەرنجی مامۆستای ئیجازەدەر؛ کە خاوەنی زانستێکی زۆر و کەسایەتییەکی کاریگەر و لە هەمان کاتدا ئەدیبیش بووە، ئەمەش بەڵگەی سەلماندنی ئەوەیە کە ناوبراو دیوانێکی شیعری بە فارسی هەبووە.



[1] ناوی ئەم گوندەمان بۆ ساغ نەبوویەوە، قەرەچان، قەرەجان؟

### 2-5 مەلا محەمەد و وەرگرتنی پایەی عوسمانی

وا دیارە ناوبراو پایەیەکی زانستیی گەورەی هەبووە، بۆیە بە فەرمانێکی سوڵتانی کە ناوی سوڵتان محەمەد ڕەشادی لەسەرە، پایەی مەخرەج (مخرج پایەلری) وەرگرتووە. ئەمەش مێژووی 17ی رەبیعولئاخەری ساڵی 1326ی کۆچی لەسەر نووسراوە. ئەم فەرمانەیش لە جەریدەی عیلمییەدا پەخش کراوە. (جریدەء علمیە، 1336:1090) لێرەدا دەردەکەوێت، ناوبراو پێش ئەوەی بەڕەسمی ببێتە موفتی و مودەڕیس ئەم پایەیەی وەرگرتووە، ئەمەش نیشانەی ناوبانگێکی زۆری ئەوە لە وڵاتی ڕۆمدا.

### 2-6 پیرۆزباییناەمەی مەلا محەمەد بەبۆنەی جەژنی قوربان

دیارە ناوبراو وەک کاربەدەستێکی دیاری ئەوسا، کە موفتیی ناوەندی ویلایەتێکی گەورەی وەک ئەدەنە بووە، لە بۆنەکاندا وەک هەر کاربەدەستێکی تری دەوڵەت پەیامی خۆی هەبووە. بۆیە لە 1339/1/6ی کۆچی (1920/9/20) بەناوی موفتیی ئەدەنەوە پیرۆزبایی جەژنی قوربانی پیرۆزی لە عەتەبەی عولیای عوسمانی و پادشا کردووە (BEO.004653.348972.001 ) و مۆری خۆیشی لێداوە کە تێیدا لەناو مۆرەکە نووسراوە (محمد ظاهر) (BEO.004654.348996.002 ).

### 2-7 بوونی بە مودەڕیس و موفتی

لە ساڵی 1327ی کۆچی/ 1909ی زایینی لە تەمەنی چلویەک ساڵیدا بە ڕەسمی بۆتە مودەڕیسی مەدرەسەی گوندی منجونوسی ئۆرتا حەصار و دیارە خەڵکی گوندەکە داوایان کردووە و لەسەر ئەو داوایەیان دامەزراوە. بەڵام هیچ مووچەیەکی لە دەوڵەت نەبووە و ئەو نووسراوی دامەزراندنی بێ مووچەییەشی لە فەرمانگەی موفتیایەتی ناوچەکە لە 1327/1/1ی کۆچیدا تەسدیق کراوە. ناوبراو کاتێک ئەم کورتەژیاننامەیەی خۆی نووسیوەتەوە، لە 21ی جەمادیلئاخیرەی ساڵی 1328 (1910/6/30ز) بووە، موفتیی قەزای ئۆڕتاحەصار بووە و مۆری خۆی لێداوە و لە مۆرەکەدا ناوی محمد ظاهر و مێژووی ساڵی 1328ی تێدا بەدیاردەکەوێت (ST.MFT. MSH.SAiD.0179.04).

ئەوەی لێرەدا بەدەردەکەوێت ئەوەیە، چوار ساڵ بەسەر ئیجازەوەرگرتنەکەیدا دەڕوات، ئەنجا بە ڕەسمی وەک مودەڕیس و موفتیی دادەمەزرێ. بۆی هەیە ئەم چوار ساڵە خۆبەخشانە یان لە دەرەوەی کاری ڕەسمیدا دەرسیدابێتەوە.

مەلا محەمەد لە چەند شار و قەزایەکی ئەوسای عوسمانیدا بۆتە موفتی، لەوانە:

#### 1-موفتیی ئۆڕتاحەصار

ئۆڕتاحەصار(کلکس) -بە یۆنانییەکەی ناوەکە (Palaio Gynaikokastro)یە دەکەوێتە نێوەڕاستی مەکەدۆنیا و یەکێکە لە شارەکانی یۆنان و دانیشتووانەکەی مەکەدۆن و ئەلبان و تورکن و ئەوسا سەر بە ویلایەتی سەلانیک بووە. وا دیارە لەبەر زانایی و لێهاتوویی مەلا محەمەد، خەڵکی ناوچەکە بە زانا و پیاوماقووڵەوە نووسراویان بۆ فەرمانگەی موفتیایەتی کردووە و داوای ئەوەیان کردووە کە محەمەد ظاهیر ئەفەندی ناسراو بە مودەڕیسی بەغدا؛ ساڵی پێشوو لە گوندێکی ئەو ناوچەیە دەستی بە دەرسدانەوە کردووە و خاوەنی عیلم و کەمال و زوهد و وەرەع و سوودێکی زۆری بە خەڵکی ناوچەکە گەیاندووە، بۆیە شایانیەتی ببێتە موفتی لەو قەزایە و داوا دەکەن کە پێشنیازەکەیان بە

هەند وەربگیرێت. نووسراوەکە لە 18ی شەووالی 1327ی کۆچی بەرامبەر 1909/11/2 کراوە (ST.MFT. MSH.SAİD.0179.09)

بە گوێرەی بەڵگەنامەیەک کە مێژووی 18ی مایسی ساڵی 1329ی ڕۆمی (1913/5/31) لەسەر نووسراوە، مەلا محەمەد ظاهیر ئەو کاتەی موفتیی قەزای ئۆرتاحەصار بووە، داخوازینامەیەکی بۆ مەشیخەتی عوسمانی نووسیوە و داوای ئیستیرحامنامە و یارمەتی کردووە. لە داخوازییەکەدا هاتووە کە بەندە چەند ساڵێکە لەو قەزایەدا مودەڕیس و موفتییە و خزمەتی کردووە، تا ئێستا هیچ ئیسترحامنامەیەکی پێ عەتا نەکراوە، بۆیە داوا دەکات یارمەتی بدرێ. لە سەر ناوی خۆیشی؛ خۆی وەک موفتی و مودەڕیسی ئۆرتاحەصار ناساندووە. دیارە دوای شەڕی بالقان و لەدەستدانی سەلانکی؛ ناوبراو مووچەکەی لە ئیزمیر وەرگرتووە و دواتر بۆ قۆنیە کۆچی کردووە.

### 2-موفتیی لە قەزای ئەرەگلیی قۆنیە

دیارە دوای لەدەستدانی سەلانکی و هاتنی هێزەکانی یۆنان بۆ ناو شارەکە کە بە شەڕی بەلقان (1912/11/9) ناسراوە، عوسمانییەکان دەکشێنەوە و مەلا محەمەدیش لەو شارە نامێنێ و ماوەیەک لە ڕۆمێلی ئیزمیر دەبێ و دواتر لە قەزای ئەرەگلیی (Ereğli) سەر بە شاری قۆنیە دەبێتە موفتی. بە گوێرەی بەڵگەنامەیەک کە مێژووی 4ی جەمادولئاخیرەی ساڵی 1331ی کۆچی (1913/5/11ز) لەسەر نووسراوە، ئاماژە بەوە دراوە کە محەمەد ظاهیر ئەفەندی لە جێی عەلی ئەفەندی لەو قەزایەدا ببێتە موفتی.



### 3-موفتیی لە ئەدەنە

قۆناغی سێیەمی موفتیەتی ناوبراو، لە ناوەندی ویلایەتی ئەدەنەیە و ساڵی 1332ی ڕۆمی بۆتە موفتی و هەشت ساڵ لەو پۆستەدا ماوەتەوە. وەک لە بەڵگەنامەکاندا دیارە لەو شارەدا وێڕای موفتیایەتی خاوەنی مەدرەسەیەکیش بووە و بە ڕەسمی لەپاڵ موفتیایەتیدا؛ خۆی وەک بەڕێوەبەر و مودەڕیسی ئولای مەدرەسەکەش ناساندووە. دیارە لەو سەردەمەدا هێزەکانی فەڕەنسا لە ئەدەنە بوونە و بۆیە لە نامەیەکیدا لە 1919/12/14 داوای درێژکردنەوەی مۆڵەتی لە فەرمانگەی مەشیخەت کردووە بە هۆی هەبوونی هێزەکانی فەڕەنسا لە شارەکەدا.

ئەم قۆناغەی ژیانی ناوبراو زۆرترین بەڵگەنامەی لەبارەوە هەیە، لە لایەکی ترەوە لەم قۆناغەدا نەخۆشییەکەی دەستی پێکردووە، بۆیە ئەو کاتەی لە ئەدەنە موفتی بووە داوای لە ئەنجومەنی پزیشکی کردووە کە مۆڵەتەکەی بۆ درێژبکەنەوە (ŞD.02847.00007.002). دیارە گەنگەشە لەسەر مۆڵەتەکەی هەبووە و هەر وەک لە بەڵگەنامەیەکدا هاتووە کە مۆڵەتەکەی سەرەتا لە 11ی تشرینی دووەمی ساڵی 1335ی ڕۆمی بۆ 16ی مارتی ساڵی 1336ی ڕۆمی بووە و لەبەر سەختیی نەخۆشییەکەی ماوەکەی لە 16ی مارتەوە بۆ 1ی اغسطوس ی ساڵی 1336ی درێژکراوەتەوە و دواتر دوو مانگی تریشی بۆ درێژکراوەتەوە (BEO.004673.350407.002). هەر بۆ ئەم بابەتە بۆچوونی دارایی وەرگیراوە و لەو بارەوە دۆسیەیەکی 43 لاپەڕەیی لە نووسراوی فەرمانگە پەیوەندیدارەکان هەیە (ŞD.02843.00058.018 )

### 4-موفتیی لە مقری کۆی

ئەم قەزایە کە ئێستا ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (بەکرکۆی) سەر بە ئەستەنبوڵ بووە. وا دیارە دوای نەخۆشکەوتنی و لەبەر ئەوەی زۆربەی کات بۆ چارەسەریی لە نەخۆشخانەکانی ئەستەنبوڵ بووە، بۆیە لە ساڵی 1922 ڕاژەکەی لە ئەدەنەوە گواستۆتەوە ئەم قەزایە و بۆتە موفتیی شارەکە، بەڵام تەنیا هەشت مانگ لەسەر کارەکەی بەردەوام بووە و بەهۆی نەخۆشییەوە وەفاتی کردووە. مانەوەیشی لە ئەستەنبوڵ وەک لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە زیاتر بۆ چارەسەر بووە، بۆیە ئەو کاتەی لە ئەدەنە دوور بووە، نووسراوی لایەنە پەیوەندیدارەکان هەبووە کە ئاخۆ ئەو ماوەیەی لە ئەستەنبوڵ بووە و بە میلاکیش لە ئەدەنە بووە، ئایا مووچەکەی بۆ خەرج دەکرێت یان نا؟ لەو بارەوە گەنگەشەیەکی زۆر کراوە و دواتر ناچار کراوە کە ڕاژەکەی بۆ بگوازنەوە ئەستەنبوڵ (ŞD.02843.00058.018 ).

## 2-8 نەخۆشکەوتن و وەفاتی

بەگوێرەی بەڵگەنامەیەک، کە ساڵی 1920ی لەسەر نووسراوە، داخوازینامەیەکی ناوبراوی تێدایە و ئاماژەی بەوە کردووە کە لە جێگا کەوتووە و تووشی نەخۆشی هەوکردنی سییەکان بووە و بەو هۆیەوە بۆ چارەسەروەرگرتن چۆتە ئەستەنبوڵ، بۆ ئەو مەبەستە داوای درێژکردنەوەی مۆڵەتی دوو مانگی تری کردووە و لە فەرمانگەی فەتوا و مەشیخەتیش ڕەزامەندیی لەسەر مۆڵەتەکەی دراوە. پێشتریش لە بەڵگەنامەیەکدا ئەوە نیشان درابوو کە ناوبراو نەخۆشی ڕۆماتیزمی هەیە. لەنێو بەڵگەنامەکاندا ڕاپۆرتی پزیشکەکەیشی تێدایە کە ناوی دکتۆر قودسییە -و لە ئەڵمانیا خوێندنی تەواو کردووە- و نۆرینگەکەی لە ئاکسەرای ئەستەنبوڵ بووە و ڕاپۆرتەکەی لە مانگی ئاداری ساڵی 1921 نووسیوە و تێیدا ئاماژەی بە نەخۆشییەکەی کردووە و تەنانەت لە 1922/1/10 کە هەشت مانگ پێش وەفاتیەتی، داواکاریی ناوبراو سەبارەت بە مووچەکەی هەیە و لەو بارەوە بڕیار لەبارەی خەرجکردنی مووچەکەی دراوە (ŞD.02847.00007.002 ) و وا دیارە ئەو نەخۆشییەی بەردەوام بووە تا سەرەنجام لە 1922/10/26 لە تەمەنی 53 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە .ST.MFT) (MSH.SAİD.0179.113. وا پێدەچێ گۆڕەکەیشی هەر لە ئەستەنبوڵ بووبێ.

## ئەنجام

کورتەی سەربوردەی فەرمانبەریی ئەم زانایە بریتییە لە:

-لە 8ی زولحیججەی ساڵی 1327ی کۆچی(1909/12/21) بۆتە موفتیی ئۆرتاحەصاری سەلانیک، بە مووچەی چوارسەد قرووش و تا 16ی حوزەیرانی ساڵی 1329ی ڕۆمی(1913/6/29) بەردەوام بووە.

-لە 16ی حوزەیرانی ساڵی 1329ی ڕۆمی (1913/6/29) بۆتە موفتیی قەزای ئەرەگلی لە ویلایەتی قۆنیە و تا 9ی تشرینی دووەمی ساڵی 1332ی ڕۆمی (1916/11/22)بەردەوام بووە.

-لە 15ی تشرینی دووەمی ساڵی 1332ی ڕۆمی (1916/11/28) بۆتە موفتی لە ناوەندی ویلایەتی ئەدەنە.

-لە 23ی شوباتی ساڵی 1338 (1922/2/22) بۆتە موفتی قەزای بەکرکۆی بە مووچەی هەزار قڕووش لە ویلایەتی ئەستەنبوڵ و تا ڕۆژی وەفاتی لە 26ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1338ی ڕۆمی (1922/10/26) بەردەوام بووە(ST.MFT. MSH.SAiD.0179.88).

کۆی خزمەتەکەی دوازدە ساڵ و هەشت مانگ و دە ڕۆژ بووە. ئەگەر چی دوای مردنی وەک خانەنشینی هەموو ڕۆژانی خزمەتی دیاریکراوە، بەڵام نازانرێ مووچەی خانەنشینییەکەی کێ وەریگرتووە، ئایا منداڵی هەبووە، یان هەر هاوسەرەکەی وەریگرتووە؟ زانیاریی دیکە لەبارەی خێزان و بنەماڵەکەی نازانین، ئەگەر چی دۆسیەی ئەم زانایەمان یەکێکە لە دۆسیە هەرە دەوڵەمەندەکان و زیاتر لە سەد لاپەڕە نووسراوی ڕەسمی تێدایە.

-ناوبراو ماوەی زیاتر لە هەژدە ساڵ دوور لە وڵاتی خۆی لە دەڤەری ڕۆم بووە بە هەموو ناوچە جیاوازەکانەوە.

-چوار بەرهەمی نووسیوە، سێ لە بەرهەمەکانی لە بواری زانستی ئایینین کە کتێبی سەختن لە تێگەیشتن و لەوسادا لە حوجرە و مەدرەسەکان دەخوێنران.

-ئەم مامۆستایە شاعیر بووە و دیوانێکی شیعری بە زمانی فارسی هەبووە و دیوانەکە تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە.

-لە ڕووی زانستییەوە، وێڕای ئەوەی دوو ئیجازەنامەی زانستیی وەرگرتووە، یەکێکیان لە زێدی خۆی و ئەویتریشیان لە وڵاتی ڕۆم، لەگەڵ ئەوەشدا مودەڕیسێکی سەرکەوتوو بووە و بەو هۆیەوە پایەی عوسمانی وەرگرتووە.

## Çavkanî


جريدهء علميه (1336)، دردنجى سنه، عدد 36، اسطنبول.

دێرەشی و ئالیخان، سەعید و پێزانی (2005). دیوانا فەقییێ تەیران، دهۆک: سپیرێز.

زەکی، محەمەد ئەمین (1939)، تەئۆیخی سلێمانی و وەڵاتی لە دەورەی زۆر قەدیمەوە تا ئەووەلی ئیحتیلال 1918م، چاپخانەی النجاح، بەغداد.

عارف، محمد نوری (2009)، فەرهەنگی دیوانی شاعیران–نالی، سالم، کوردی–، دەزگای ئاراس، هەولێر.

فیضی، امین (1920)، انجمن ادیبان کرد، مطبعەی ترجمان حقیقت، استمول.

میران و شارەزا، سەردار حمید–کریم مستەفا (1986)، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ئەمینداریەتی رۆشنبیری و لاوان.

Ahmad, H. O. (2021). The guidebook of administrative dossier of Kurdish scholars in Mashikhat archive in Turkey. *Bingöl Üniversitesi Yaşayan Diller Enstitüsü Dergisi*, 7(13), 37-80.

Ahmad, H. O. (2024). Osmanlı arşivlerinde Gulanbar kasabası hapishanesi ve suç tablosu (1912-1913) *Artuklu Kurdology* (17). 65-77. https://doi.org/10.35859/akrd.1523580

Arif, M. N. (2009). *Ferhengî dîwanî şa'îran -Nalî, Salim, Kurdî-*. Dezgay Aras.

Dêreşî, S. & Alîxan, P. (2005). *Dîwana Feqiyê Teyran*. Spîrêz.

Feyzî, E. (1920). *Encumenî edîbanî kurd*. Metbe'ey Tercumanî Heqîqet.





Mîran, S. H. & Şareza, K. M. (1986). *Dîwanî Hacî Qadirî Koyî*. Emîndaryetî Roşinbîrî û Lawan.

Sarıyıldız, G. (2009). Sicill-i ahvâl defterleri. *TDV İslâm Ansiklopedisi*. (c.7, 134-136). Türkiye Diyanet Vakfı.

Yıldız, E. (2021). *Meşihat arşivi belgelerine göre şeyhülislamliğin bürokratik yapısı*. (Yayımlanmamış Doktora Tezi). İstanbul Üniversitesi. Sosyal Bilimler Enstitüsü.

Zekî, M. E. (1939). *Teoyxî Silêmanî û wellatî le dewrey zor qedîmewe ta ewwelî îhtîlal 1918m*. Çapxaney Alincah.


**Arşiv Belgeleri**


B.O.A. BEO.004673.350407.002
B.O.A. ŞD.02843.00058.018
B.O.A. ŞD.02847.00007.002
B.O.A. BEO.004653.348972.001
B.O.A. BEO.004654.348996.002
İST.MFT. MSH.SAİD.0179
İST.MFT. MSH.SAİD.0179.04
İST.MFT. MSH.SAİD.0179.113
İST.MFT. MSH.SAİD.0179.88

**Pêvek:** Hin belgenameyên erşîfa Osmanî.




MEŞİHAT ARŞİVİ
MŞH. SAİD






ŞD.02847.00007.002